# قاوەخانەی
# پەپوولەی قاوەیی

**دلاوەر قەرەداغی**



یەکە یەکە بە هەتاودا ڕەت دەبین
پاڵ بە بارانەوە دەدەین
توشتێن[i] بە دەستێک کە هی شاعیرە
بەنێو تەمدا
سەوڵ لێدەدا
خۆمان لە کەنار جێدێڵێ و
بۆ ئەوەی تا دێینەوە با نەمانبا
سەروو بەردێکمان لە سەر دادەنێ و
ئیدی یەکە یەکە
مناڵییمان بە پریاسکەی خواردنەکانمانەوە
بە مەتارەی ئاوەکانمانەوە
بۆ ناو بەلەمەکەی سەر دەخا
توشتێن بە دەنگێک کە هی شاعیرە
لە نائومێدییدا
بەهانە دێنێتەوە و دەیکاتە هەرا:
کاکە ... تەنها مناڵیی بۆی هەیە سەرکەوێ
تکایە شتی زیادە مەهێنن
دەبێ بزانن ئەمە بەلەمە ... بەلەم
جێ بەش ناکا
بەلەم دەڕوا و خنە خن
بە ڕوخسارێکی مەنغۆلییەوە
وەک بڵێی قەراردادێکی دێرینی
لەگەڵ زەریادا هەبێ
یان نهێنییەکی گرنگ بزانێ و ئێمە قەت نەیزانین
بێ پەروا گوژم دەخواتەوە
بە ناو یادەوەریدا

درِ بە دەنگ و سکوت و
دوکەڵی جگەرەکەی باوە توشتێن دەدا
هەر هێندە و
قەتیس لە تەمدا
دەم پڕ لە تامی خنکان و مرواری و قەوزە
خوای گەورە ... چ سەیرە
چ سامناکە
خەریکە ئاو دەمانخوا
یەک بە خۆم ... کۆکە کۆک
قانگدراو بە تەم و خەون و
دوودڵیی
گەرچی خەریکە لە خۆشیدا بگریم
بەڵام دڵێکم لای
چاوەڕوانییە تەڕەکانی تۆیە
کە بە دەف و تەسبیحێکەوە
پێوپل لە ئاودا
نائومێد ...  تا خودا حەزکا نائومێد
پاییزت تێپەڕبووە و
شنە شن
با دەتبا
توشتێن چزە لە ئاو هەڵدەستێنێ و
جگەرە پرینسەکەی بە زەریا دەکوژێنێتەوە
ڕادەچڵەکم... لە خەیاڵی ئەوەدا بووم
کە ئەم ئێوارەیە بەهرۆز حەسەنی هاوڕێم
دێت بۆ لام
لە وێستگەی قەتارم و قاچ لەسەر قاچ
لە قاوەخانەی (پەپوولەی قاوەیی) دانیشتووم
یەک لەسەر یەک قاوەی شیرین دەخۆمەوە و
چاوەڕێم بگات
ئیدی کیژێک نمەنم بە دەنگێکی تەڕ لە بڵندگۆکەوە دەڵێ:
وا هاتن... وا گەیشتن
وا فیلەکان لە هیندستانەوە گەیشتن

ئینجا موسافیرەکان، کە هەر یەکە و
ئینجانەیەک و فیلێکی گچکەی پێیە،
هەموو دادەبەزن و
کەچی بەهرۆز دیار نییە
دەترسم ترێنەکە جێیهێشتبێ
یان لە هاتن پەشیمان بووبێتەوە
یاخۆ لە ڕێگە دابەزیبێ و لە شوێنێک لایدابێ
بەڵام کاتێک
لەدوای هەموو نەفەرەکانەوە
بەجگەرە پرینسەکەیەوە...وەک ئەمیرێکی غەمگین و
وەک شۆفیرێکی بەویقاری قەتار
دادەبەزێ
ئیتر دەزانم و هەستێکی قووڵ بە شانازیی
دامدەگرێت و
لەخۆمەوە، بە نەفەرەکەی لامەوە،
کە قاوە دەخواتەوە و پەپوولە تێیداوە و
خەیاڵی لە شوێنێکی ترە،
دەڵێم:
ئەها ئەو کوڕە هاوڕێمە...
کوردە و لە گەرمەی بەهاری ئازادییدا
لە لای هۆ. سی. ئانەرسن[ii] بووە پەناهەندە
ئەو ترێنەش کە ئێستا گەییشت
هی ئەوە
حەز دەکەم ئەوەشت پێبڵێم کە ئەو هاوڕێیەم
نەک ترێن
دەزانێ پاپۆڕ و فڕۆکە و ئیسعافیش بئاژوێ
ئەوەتا ئەو هەموو خزم و کەسوکارەی
یۆستاین گاردەر[iii]ی
بەو بارانە
بەو هەموو پێکەنین و نهێنیی و گوڵەوە
بەو هەموو واگۆنە پڕ لە کتێب و تەنیایی و فیلەوە لە باخەکانی کۆپینهاگن چنیونەتەوە
و

لەگەڵ خۆی تا ئێرە و
گەر حەزکەن لێرەوە تا ئۆسلۆش دەیانبا
وەستا توشتێن چاوێکی لەسەر زەریایە و
دڵێکی لای ئێمە
بە دەستێک کە هی شاعیرە
لە نائومێدیی و ترسدا
پەیتا پەیتا سەوڵ لێدەدا و
وەک ئەسپسوارێکی دڵڕەق
جەستەی نیشتۆتە سەر ئارەقە و
گڤە گڤ مەرگ دەئاژوێ
من لەخۆوەڕا دڵم ختوورە دەکا
کە دوو سێ دێڕت پەلەپەل
بە پیتی لاتینی بۆ بنووسم و
دڵنیات بکەمەوە
کە هێشتا لە بەلەمەکەی کاک توشتێندام
یەک دنیا چیلکە و بەرد و سەدەفی جوان جوانم
کۆکردوونەتەوە و
خەمی منت نەبێ
کە هێشتا بەختەوەرم و
کە هێشتا خۆشم دەوێیت و
کە هێشتا لە زەریام و
کە هێشتا دڵم زۆر زۆر
خۆشە و
م
ا
و
م
!

سێپتێمبەری 2007

[i] توشتێن: بەلەمەوانێکی پیرە کە جار جار بە بەلەمەکەی منالآنی دایەنگە و قوتابخانەکان بۆ پیاسە و بینینی دورگەکان، بەرەو زەریا دەبات.

[ii] هۆ. سی. ئانەرسن: چیرۆکنووسی بەنێوبانگی دانیمارک.

[iii] یۆستاین گاردەر: ڕۆماننوسی بەتوانای نەرویژیی. بەهرۆز حەسەن زوربەی کارەکانی ئەو نووسەرەی بە کوردییەکی ڕەوان و توانایەکی گەورەوە وەرگێڕدراون.